ڕێبین ئەحمەد خدر

# وشە و وێنە لە شیعری "تاج سەرگران دەکات"ی سەباح ڕەنجدەردا





شیعر هەمیشە دەجوولێت و دەگەڕێت. وەک ئەوەی بیەوێ شتێک بدۆزێتەوە، یان ونی بکات، لە مەودا و نێوانی ئەو گەڕانە درێژ و بێ کۆتاییانەی وشە دەیانکات. دیاردەکانی تر دێن و دەخولقێن. ئەو دیاردە و چۆنییەتی تەلسیمبوونیان شیعرەکە پێوەندیدار دەکەن بە نەمری، یان ونبوونی تاهەتایە. شیعرێک ناتوانێت زۆر لەخۆشی دوور بکەوێتەوە بە هەموو ئەو پێوەندییانەشییەوە، کە لەژیان دا هەن، کە گەڕان و جوولەی لە ناو خۆیدا بۆ جوانی و ژیان، مەرگ و نەمری لە دەست دابێت.

شیعری **"تاج سەر گران دەکات"**(١) بەریەک کەوتنی ژیانە لەگەڵ مەرگ، ئەو پردانەش، کە ژیان بە مەرگ دەبەستێتەوە. یادەوەری و گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو. هێڵێکی درێژیان لە شیعرەکەدا کێشاوە بە جۆرێک پێوەندییان لەگەڵ مەرگ و ژیان، بردنەوە و دۆڕان دا دروستکردووە. زەمەنەکان تێکەڵ بە یەکبوونە، شاعیر بۆ پاشماوەی ژیان دەگەڕێت، ئەو دیمەن و ڕوخسارانەش، کە هێشتا بۆنی ژیان، یان ڕەنگی بوونیان تێدا ماوە. ئەو دڵەڕاوکێیە، یان جوولانە بەردەوامە تا گەیشتن بە مەرگ و ئەو وێنانەش کە نیشانی دەدەن. لەوێوە دەچێتەوە سەر ڕابردوو ژیان بە مەرگ دەگات و لە نێوانیاندا وێنەکان دەجوولێن، شیعرەکە بەردەوام دەبێت:

**گژ و گیا کەسوکاری منن**
**ڕزگارییان کردم لە گەمارۆ**
**مەرەکەب و کاغەز خۆیان لە ناو ڕێکخست**
**ئەم سرووشەیان هەڵدا**
**ژیان و مردن بردنەوە و دۆڕان نین**

## وشە و دۆزینەوە

سیحر، یان هێزی وشە کاردەکەنە سەر خولقاندنی وێنە لە شیعردا، **بە مامەڵەیەکی فرە لایەنانە "سەباح ڕەنجدەر" کار لە سەر دروست کردنی وێنە دەکات لە شیعرەکەدا و شت و بوەرەکان لە وێنە دا پەخش دەکات،** ئەوەی شاعیر فەرامۆشیان ناکات و بە وێنەدا دەیان پەڕێنێتەوە بۆ مانا. بە زۆری شتە فەرامۆش کراوەکانن. ئەو شتانەی لە واقیع دا زۆر بە ئاسایی تێپەڕ دەکرێن. وەک چۆن ڕەزا بەراهەنی دەڵێت: «شاعیر سۆفییەکە لە بری ئەوەی لە خوادا بتوێتەوە دەیەوێ ئاوێتەی شتەکان ببێت»(٢) شیعرەکە زیاتر ڕۆچوونە بە ناو

ڕوانین دا وا هەست دەکرێت شاعیر زیاتر تەماشاکەربێت. لە ڕێگەی وشەکانەوە بیەوێت دیمەنەکان تێک بشکێنێت و لە شیعردا دروستیانبکاتەوە، ئەمەش تا ڕادەیەک ئاڵۆز دێتە بەرچاو و دیمەن و وێنەکان یەکتری دەبڕن. بە تایبەت ئەو کاتەی زەمەنەکان لە شیعرەکەدا تێکەڵ دەبن ڕابردوو و ئێستا ئاوێتە دەبن. ئەوە شتێکی تازە نییە لای شاعیر. لە جۆرە دەقێکی وادا دەبێت خوێنەر بۆ جاری دووەم بە خوێندنەوە شیعرەکە بنووسێتەوە. واتا خوێندنەوە لای خوێنەر دەبێتە نووسینی دووەمین جاری شیعرەکە، چونکە ئەگەر سەرنجی دەقەکە بدەین دەبینین شاعیر بە هیچ جۆرێک نیشانەکانی خاڵبەندی بەکار نەهێناون و وا دەکات خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا بەجۆرێک بەشداری بکات. لە وێوە شاعیر بە تەواوی دەقەکە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێت و دادەبڕێت. ئەگەر بەدەربڕینەکەی (ڕۆلان بارت) ناوی بنێین (مەرگی نووسەر) ئەم دروستکردنی پێوەندییە لە نێوان خوێنەر و شیعرەکەدا و هێنانە ناوەوەی خوێنەر. خوێنەرێکی بەئاگاشی دەوێت تا بتوانێت تێکەڵ بەشیعرەکە ببێت، ئەگینا دووبارە نووسینەوەی دەقەکە ڕوونادات. واتە خوێنەرێکی ڕەخنەگرانە. وەک "بەختیار عەلی" دەڵێت: «خوێنەر هیچ نییە جگە لە پرۆژەی سەرەتایی و ناوەکی یەکەمی ڕەخنەگرێک، کە خوێنەر مرد مەرجە سەرەکی و سەرەتاییەکانی ڕەخنەش دەمرێت»(٣).

دەقە شیعرییەکە دابەش دەبێت بە سەر وێنەکان و ئەو دیمەنانەی هەوڵ دەدەن بیدۆزنەوە، بەمەش هەست بەخولانەوەیەک دەکرێت، وا دەزانرێت شتێکی پەنهان هەیە و دەبێت ئاشکرا بکرێت:

**سڵاوت لێ دەکەم ئەی ئاسوودەیی**
**بە دڵ ئاوڕێک**
**لە پاشماوەی برینەکانمان بدەرەوە**
**کولانەوەیان کێڵگەیەکە مەست و ڕاز درکێن**
**مۆم تێکۆشەری بنەماڵەی ڕووناکییە**
**جەنگێکی گەورەی بردووەتەوە**

## بە ماناکردن وێنە، یان بە وێنەکردنی مانا

(نیتشە) دەڵێت:(هونەر بە تەنیا ناواقیعی نییە، بەڵکو لە جەوهەردا دژی واقیعە و

هونەرمەند وێناندنێک دەخوڵقێنێت، کە دەبێ بێتەدێ)[٤]. کەواتە هونەرەکان دنیایەکی، تر دەخوڵقێنن جیا لەم دنیایە،بەڵام تێپەڕکردنی هەمان دنیا، بۆ ئەمەش دووبارە وێنەی دنیا، یان ژیان دەکێشنەوە، کە ئەمە شیعریش دەیکات. کەواتە هەمشە دوو دنیا لای شاعیر ئامادەییان هەیە. دنیای واقیع، کە دەیەوێت لە پارچەکانی دنیایەکی تر دروست بکات و دنیای شیعرییەت و خەیاڵ، دواجار پەرتبوون و دابەشبوونی شاعیران لە نێوان ئەم دوو دنیایەدا شیعر بەرهەم دێنێت. دەبێ بڵێین شاعیران هەردەم خەریکی ئەو وێناکردنەوە، یان دروستکردنەوەی ژیانن لە ڕێگەی شیعرەوە.

**شیعری "تاج سەر گران دەکات" بە تەواوی خەریکی وێناکردنەوەی ژیانە و دەستکاری واقیع دەکات.** تەنانەت دەیەوێت ڕابردووش بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت وەک خۆی دەیەوێت لە ڕێگەی وێنەکانەوە دروستی بکاتەوە:

**هەنگ هەنگوینیان بڕییەوە**
**نەمانزانی ئەو تەشتەی حەوشەمان خۆشبوێ**
**کە تریفەی مانگی بۆ پاراستین**

شاعیر دیمەن، یان وێنەکان فەرامۆش ناکات، بەڵکو وێنەکان دەبنە مانا و ماناش دووبارە دەبێتەوە وێنەوە، ئەو وێنانەش، کە لە واقیع هەڵێنجراون دەبنە وێنە گەلێکی تر، دیسان تێکەڵ بە چەند دەستەواژەیەکی تری خەیاڵی دەکرێن و مانا دەخوڵقێنن، لێرەوە بە ماناکردن وێنە دێتە پێش، کە لە شیعرەکەدا زۆر بەر چاو دەکەوێت:

**بازێکی ڕاونەکراو لە ناو ڕەزێکی خان و مان**
**لە باوەشی درەختێکی نزم خۆی هەڵدا**
**پرشنگی بەهرە دانەوێڵە و ئومێدی**
**لە نزیک دەنووک و باڵی دانا**

شاعیر جارێکی تر مانا بەوێنە دەکات و لە خەیاڵەوە دەپەڕێتەوە بۆ سەر ڕوانین و

دیمەن دەسازێنێ. ئەمەش ڕەنگە زۆر جار لای خوێنەر ئاڵۆز دەرکەوێت، چونکە تووشی شتێکی پێچەوانە دەبێتەوە. دیمەنەکان بەر لەوەی بەرهەمی تەماشا بن لە خەیاڵدا مانا دارکراون:

**بێ چرا کتێب کەسێکی لە بیرکراوە**
**شەوقی ڕووداوەکانی ساڵ**
**چەشنی باران**
**ئاوی سەر بە شەختە بە ئاگا دەهێنێ**

ئەوەی جێگای سەرنجی پترە. ئەم شیعرە خوێندنەوە و ئاوێتەبوون بەمانا و دیمەنەکانی پێوەستە بە هەناسەی خوێنەرەوە. واتە وێنەکان زۆرجار بە هەناسەی درێژتر لە خوێندنەوە دەبینرێن و هەست پێ دەکرێن. ئەمەش یەکەم دەقی "سەباح ڕەنجدەر" نییە بەم جۆرە، کە چۆنییەتی خوێندنەوە و بەڵەدبوون لە خوێندنەوەیان شیعرەکە، یان وێنە و مۆسیقای شیعرەکە دەردەخەن:

**لە نامەیەکی تایبەتیدا داوا بکە**
**پێویستیم بە دەستەیەک پێغەمبەر هەیە**
**لە ناو گەرمایی دێڕەکانم**
**هونەری پێگەیینی میوە**
**بکەن بەبیرکردنەوە و خولیا**

سەرچاوەکان:

(١) سەباح ڕەنجدەر، مردوویەک ئاگای لە هەمووانە (دیوانی شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢..٨. دەقی "تاج سەرگران دەکات"، ل ٩ تا ١٥.
(٢) حەمە کەریم عارف، دەربارەی شیعر و شاعیری، چاپخانەی یاد، سلێمانی ٢٠٠٧. ل ٤١.
(٣) بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە (کۆمەڵە وتار)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٥. ل ٣٢.
(٤) ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦. ل٤٧.